ئوسترالیا باییزی ئێران لە وڵاتەکەی دەردەکات

ئەم سەشەمە، ئوسترالیا بریاریدا ، باییزی ئێران لە کانبەرا دەربکات، بەبیانوی ئەوەی تاران دو هێرشی دژە جولەکە لە شارە گەورەکانی سیدنی و مەلبۆرن ئەنجامداوە.

ئەنتۆنی ئەلبانیز سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیا لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی، "ئەمانە کردەوەی ناوازە و جددی دەستدرێژیکارانە بون کە دەوڵەتکی بیانی لەسەر خاکی ئوسترالیا ئەنجامیداون، ئەوانە هەوڵك بون بۆ تێکدانی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و چاندنی ناتەبایی لە کۆمەڵگاکەماندا".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئوسترالیا بەیاری داوە کارەکانی باییزخانەی وڵاتەکەی لە تاران ڕابگرێت و سەرجەم دیپلۆماتکارەکانی لە وڵاتی سێیەمدا سەلامەتن، حکومەتی ئوسترالیا سوپای پاسدارانی ئێرانیش وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دیاریدەکات.